# باوک و مامی بەناز مەحمود بابەکر ئاغا ئەمڕۆ لە دادگای لەندەن حوکمی ئەبەدی دران

* گۆنا سەعید *

"کوشتنی بەناز دوو سەعاتی خایاندوە و لەو دووسەعاتەدا ئازار و ئەشکەنجە دراوە و دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر لەلایەن بکوژەکانی"

لەتەواوی میدیاکانی ئەمڕۆی بەریتانیا بلاوبووەوە کە مەحمود مەحمود بابەکر ئاغا و ئاری مەحمود بابەکر ئاغا لە سەر کوشتنی بەناز (کچی مەحمود مەحمود) حوکمی ئەبەدی دران ، باوکی بەناز پێی ووتراوە کە دەبێ لایەنی کەم 20 ساڵ و مامی 23 ساڵ لە زینداندا بن .

شایەنی باسە کە محەمەد حەمە کە تاوانبارێکی ترە لە کوشتنی بەنازدا و هەر لە سەرەتای دادگاوە دانی بەوەدا ناوە کە دەستی هەبووە لە پیلانی کوشتنی بەنازدا ، لە کاتی سەردانی هاورێیەکی بۆ سجن بەنهێنی قسەکانیان تۆمار کراوە و لەوێدا زۆر بێویژدانانە و نامرۆڤانە و بە پێکەنینەوە باس لەوە دەکات کە چۆن کوشتنی بەناز دوو سەعاتی خایاندوە و لە و دووسەعاتەدا تەعدای سێکسیان لێکردووە و جلیان لەبەر داکەندووە و بە توندی بۆ نیو سەعات پێیان ناوە بەسەر ملی دا تا رۆحی دەرچووە ، ئەمانە و چەند شتی تر باس دەکات ، بەپێی ئەم دەلیلە تازانە لەسەر محەمەد حەمە دواتر ئەویش حوکم دەدرێت .

بکوژانی بەناز سێ کەس بوون کە لەلایەن باوک و مامیەوە بە کرێ گیرابوون ، محەمەد حەمە یەکێکیانە و دووانەکەی تر رایان کردووە بۆ کوردستان ، ناوی هەرسێکیان لە لیستێکدایە لەگەڵ مام و باوکی بەناز کە بەناز لە پێش کوشتنەکەی دابووی بە پۆلیسی بەریتانیا و بەلاَم پۆلیس ئەم هەرەشەیەی لەسەر بەناز بە جدی وەرنەگرتبوو .

بەراستی ئەبێ شەرەف بەرزی بۆ سەرۆک عەشرەت و ئاغای بنەماڵەکەیان و باوک و مامی بەناز ئام لەم کارەسەتادا لە کوێدا بێت ، کچێک کە هەموو تاوانەکەی ئەوە بووە کە داوای کردووە شوو بکات بە کەسێ کە خۆی خۆشی وویستووە لە دوای ئەوەی لە شوویەکی سێ ساڵی کە باوکی بەزۆر دابووی فەشەلی هێناوە ، لە جیاتی ئەوەی داواکەی بهێنرێتە دی ، بەدەستی باوک و مامی دڕندە بدرێتە دەستی چەند چەقۆ وەشێنێک تا نەک تەنها بیکوژن بەڵکو لەو پەری زەلیلی و بێدەسەلاتیدا ئیهانە و دەستدرێژی سێکسی لێبکەن و دواتریش بە گاڵتەجاریەوە تاوانەکەیان بیگێڕنەوە .

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئێمە لە سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان ئەنجامی ئەم دادگایە و سزادانی بکوژانی بەناز پێشوازیدەکەین و هیوادارین کە ئەم مەسەلەیە دەرسێکی گەورە لە لایەک فێری دەزگاکانی میترۆپۆلیتان پۆلیس بکات تا باشتر بچن بە فریای ئەو ژنانە کە لەدەست درندەیی کوشتنی شەرەف هەڵدێن . لە لایەکی ترەوە پەیامێکی توند بێت بە گوێی ئەوانەی کە عەقلی پیاوسالاری و ناموسپەرستی بەرچاویانی رەش کردووە و تاوانی ئاوا درندانەیان لەدەستدێت تا باش بیر بکەنەوە و بزانن کە کوشتنی ژنان بەهەر بەهانەیەک لەوولاتانی ئەوروپا وەک هەر کوشتنێکی تر سەیر دەکرێت و توندترین سزای لەسەرە .

لەهەمان کاتدا داوا دەکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هاوکاری جدی بکات لەگەڵ پۆلیسی بەریتانیا و بەدوا دا چوونێکی جدی بکات بۆ دەستگیر کردنی ئەو دووتاوانبارەی تری کوشتنی بەناز کە لە کوردستانن و تەسلیمیان بکاتەوە تا ئەوانیش بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەیەنرێن .

سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان

2007\7\20 - لەندەن

بۆ پەیوەندی :gona@mecwr.org

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image